# سەربەخۆیی کوردستان ئامانجێکە یان خەونێک ... جەیمس هەیدر

ئێرە هێلێکی سەرەکیە کاتێك مسافرەکان لە بەغداوە دەگەنە فرۆکەخانەی هەولێر: ژنێکی پۆلیس چاو لە پاساپورتەکان دەکات و یەکی دیش لە پشت کابینێکەوە مۆریان دەکات و لە هەمان کات تۆ هەست بە چوونە ناو وڵاتێکی بیانیدا دەکەی.

ئەم هەستە پتەوتر ئەبێت کاتێك پیاسەیەك لە شەقامەکانی کوردستاندا دەکەی، ئەو بەشە لە شیمالی عێراق کە لە ساڵی 1991ەوە ئوتۆنۆمی هەیە. لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی عێراق لە مەترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەقینەوەی خۆکوژی و رفاندن دان، لە کوردستان هێزی پێشمەرکە بە شێوەیەکی کاریگەر سەقامگیریان پاراستووە.

فەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنوسان لقی هەولێر و نوێنەری پارلەمان لەKDP دەڵێت: کوردستان سەربەخۆ دەبێت، بۆی هەیە مانگێکی دی یان دەساڵی دی بێت، بەڵام من بۆیە ئەژیم کە ئەو رۆژە ببینم. لە رۆژانی ڕابردوو بەڕێز مەسعوود بارزانی پاش سەردانی واشینگتۆن و کۆبوونەوە لەگەڵ جۆرج بووش گەیشتە ئەنگلتەرا و لە داونینگ ستریت لە گەڵ تۆنی بلێر دانیشتنیان بوو پاشان لەبەر کاناڵەکانی راگەیاندن جووابی پرسیارەکانیان داوە.

فایزە عەبدووڵا کە لەگەڵ دوو مناڵەکەی ساڵانێکی زۆر لە بەغدا دەژیان، بەهۆی ئەوە لە مەکتەب مناڵەکانی کەوتبوونە ژێر ئازارۆ عەزیەتی ئەوانی دی و تۆمەتی هاودەستی داگیرکەرانیان لێدەدرا، ناچار گەڕانەوە بۆ کووردستان. ئەو دەڵێت: "بە بڕوای من کووردستان دەبێت سەربەخۆ بێت. کووردستان کۆمەڵگایەکی یەکدەستی هەیە، بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە سیاسەتڤانان چکاتێك ئەم بڕیارە بدەن. "

ئەمە خوواستێکە کە لە شەقامەکانی کووردستان بەجوانی هەستی پێدەکرێ. پاش دەیان ساڵ شەڕ و خەبات دژی حکوومەتی بەغدا و هەوڵی ژینۆساید کردن بە دەستی سەدام حسێن و شەڕی خوێناوی براکوژی نێوان پارتی و یەکێتی لە نەوەدەکان، کوردەکان لەو بڕوایەدان کە گەیشتونەتە ئەو رادەیە کە مافی سەربەخۆییان بێت. بەڵام زۆر کەسیش هەن کە دان بەوەدا دەنێن کە هێشتا کاتی سەربەخۆیی بەتەواوەتی نەگەیشتووە.

داخوازی روون و ئاشکرای سەربەخۆیی لە ناوچەیەك کە چل ملوێن کورد لە ناو چووار وڵاتی جیاواز بڵاو بوونەتەوە، دەبێتە کێشە و توندو تیژیەکی زۆر. بەڵام کۆمەڵانی خەڵك پێداگری دەکەن لە سەر ئەم داوایە و دەڵێن ئێمە متمانەمان بە ڕابەرەکانمان هەیە.

کەماڵ رەمەزان بەرپرسی کانالی تەلەفیزوێنی ناوخۆی شاری خنجیلانە و جووانی ئاکرە، نەخشەیەکی کووردستانی بە دیوارەکەی پشتسەریدا داکوتاوە کە زۆر گەورەترە لەو ناوچەیەی ئەمڕۆ پێی دەکووترێ کووردستان. ئەو دەڵێت:"ئەمە خەون نیە، بەڵکوو مافی رەوای کوردانە. ". جەعفەر ئەکرەم مامۆستای کۆلێژی رامیاری زانکۆی سەلاحەدین دەلێت پێویست بە کاتێکی زۆرترە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە کووردستاندا.

لە ئاکرەوە جەیمس هەیدر

سەرچاوە:ساندەی تایمز

www. timesonline. co. uk